# نوح و دڵسۆزی خودا

پەیدابوون ٨، ٩

لە وانەی ئەمڕۆمان دا چیرۆکی پێغەمبەری خودا نوح تەواو دەکەین. با یەکەم جار چاو خشانەوەیێك بەوەی فێربووین لە دوو وانەی ڕابردوودا سەبارەت بە نوح و لافاوە گەورەکە. لەبەشی شەشەمی سیپارەی پەیدابوون، بینیمان کە خراپەکاری مرۆڤـ زۆر گەورە بوو لە کاتی نوح، هەموو بیر و بۆچوونی ناو دڵی مرۆڤـ خراپ بوو. لەبەر ئەوە خودا لافاوێکی بەسەر زەویدا هەڵکرد بۆ ئەوەی هەموو گوناهبارێك لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە کە تۆبەکردن لە گوناهەکەی و گەڕانەوە بۆ لای خودای زیندوو و ڕاستەقینە ڕەتکردەوە.

لەو نەوە چەوت و بەد ڕەفتارەدا، تەنها یەك پیاو دڵی خودای خۆش کرد. ئەو پیاوەش نوح بوو. نوح متمانەی بە خودا هەبوو و خۆشی دەویست. لەبەر ئەوە، ڕۆژێك خودا لەگەڵ نوح قسەی کرد و فەرمانی پیێ دا کەشتیێکی گەورە درووست بکات، و ئەو کەشتییە دەبێتە پەناگەیێك بۆ خۆی و خێزانەکەی و زۆربەی ئاژەڵەکان تاکو لە لافاوەکە ڕزگاریان بێت. بۆ ماوەی سەد ساڵ، نوح و خێزانەکەی خەریکی درووست کردنی کەشتییەکە بوون و هانی خەڵکیان دەدا کە تۆبە بکەن و باوەڕ بە ووشەی خودا بێنن. بەڵام کەس گویێ نەدا بە ئامۆژگارییەکانی نوح. کەس باوەڕی بە قسەکانی نوح نەکرد سەبارەت بە لافاوە هاتووەکە!

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژێك هات و کەشتییەکە ئامادەبوو. کاتیێ ئەوە هات خودا دادوەری ئەم جیهانە خراپەکارە بکات. خودا لەگەڵ گاڵتە پیێ کەران ئارامگر بوو بۆ ماوەیێکی زۆر، بەڵام ئێستا ئارامی نەما. لەبەر ئەوە، پەروەردگار بە نوحی فەرموو بچێتە ناو کەشتییەکەوە لەگەڵ خێزانەکەی و حەفت نێر و حەفت میێ لە هەموو جۆرە ئاژەڵێکی پاك، و جوتێك لە هەر ئاژەڵێکی ناپاك، نێرێك و مێیەك. نوح و خێزانەکەی و ئاژەڵەکان چوونە ناو کەشتییەکەوە هەروەك خودا فەرمانی دا. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرمویێ: (ئینجا پەروەردگار لە دوایەوە دایخست.) خودا، ئەوەی دەرگای ڕزگاربوونی بۆ نەوەکانی ئادەم کردبووەوە، هەر ئەویش بوو کە دایخست. ڕۆژی بەزەیی خودا ڕۆیشت و ڕۆژی تووڕەبوونە ترسناکەکەی هات!

ئیتر بروسك و هەورە تریشقە و بوومەلەرزەی بەهێز دەستی پیێ کرد. بارانێکی قورس باری وە بووە هۆی لافاوێکی گەورە. هەمووکەس هەڵات و بەدوای جێگایێك دەگەڕان لەسەر چیاکان، بەڵام کەس ناتوانیێ لە تووڕەبوونی پیرۆزی خودا هەڵبێت! ئەوانەی گاڵتەیان بە نوح دەکرد ووشەی خودایان ڕەت دەکردەوە، ئێستا ڕاستییان زانی. بەڵام ئێستا زۆر درەنگ بوو! کاتی ڕزگاربوون ڕۆیشت. خودا دەرگاکەی داخستبوو.

بۆ ماوەی چل شەو و ڕۆژ باران باری و کانییەکانی زەوی ئاویان لیێ هەڵدەقوڵا تاکو تەنانەت چیاکانیش کەوتنە ژێر ئاوەوە. بەڵام کەشتییەکە بەسەر ئاو کەوت. نووسراوی پیرۆز دەفەرمویێ: ئیتر هەموو شتێکی زیندوو کە لەسەر زەوی دەجووڵا لەناو چوو. هەموو شتێکی زیندوو لەسەر ڕووی زەوی سڕایەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانیش، لە زەوی سڕانەوە. تەنها نوح و ئەوانە مانەوە کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵیدا بوون. (پەیدابوون ٧: ٢١، ٢٣)

بەم شێوەیە، نووسراوی پیرۆز تۆماری ئەوە دەکات کە خودا ئەو سزایەی بەجیێ گەیاند هەروەك بەڵێنی پیێ دابوو. هەموو ئەوانەی دەرەوەی کەشتییەکە لەناوچوون. خودا دڵسۆزە بەرامبەر بە ووشەی خۆی.

باشە، ئەی چی بەسەر ئەوانەی ناو کەشتییەکە هات؟ ئایا خودا نوح و خێزانەکەی لەیاد کرد؟ خودا، ئەو خودایەی کە باڵندەی ئاسمان نان دەدات، و یەك لەو باڵندانە ناکەونە زەوی تەنها ئەگەر ئەوەی ویستی لیێی هەبیێ، نوح و خێزانەکەی لەیاد نەکرد. با دەست بە خوێندنەوەی سیپارەی پەیدابوون بکەین لە بەشی هەشتەم. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرمویێ: ئینجا خودا نوحی هاتەوە یاد، لەگەڵ هەموو ئاژەڵە کێوییەکان و هەموو ئاژەڵەماڵییەکان کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵیدا بوون. ئیتر خودا بایەکی بەسەر زەویدا هەڵکرد و ئاو کەم بووەوە. لە حەڤدەی مانگی حەوتدا کەشتییەکە لەسەر چیایەکانی ئەرارات گیرسایەوە. (پەیدابوون ٨: ١، ٤)

بۆیە دەبینین کە خودا نوح و ئەوانەی ناو کەشتییەکەی لەیاد بوو. خودا بایێکی هەڵکرد بەسەر زەویدا بۆ ئەوەی ئاوەکە کەم بێتەوە. خودا کەشتییەکەی بەرەو چیایێکی بڵند برد کە ناوی چیای ئەراراتە. لەپاش ئەوەی نوح و خێزانەکەی لەناو کەشتییەکە بوون بۆ ماوەی یەك ساڵ و هەفتەیێك، زۆربەی ئەو ئاوەی کە چیاکانی داپۆشی بوو ووشك بووەوە. بۆیە خودا بە نوحی فەرموو، (لەکەشتییەکە وەرە دەرەوە، خۆت و خێزانەکەت، کوڕەکانت و بووکەکانت.) بۆیە نوح و خێزانەکەی لە کەشتییەکە دەرچوون، هەروەها هەموو ئاژەڵەکان. و کاتێ لە کەشتییەکە دەرچوو، قوربانیگایێکی درووست کرد، و هەندێ لە ئاژەڵە پاکەکان و باڵندەکانی لەسەر قوربانیگاکە پێشکەش بە پەروەردگار کرد وەکو قوربانییێکی سوتاو.

ئایا خوێندنتەوە یەکەم شت چی بوو نوح ئەنجامی دا؟ هەندێ ئاژەڵی بێ تاوانی کرد بەقوربانی، سووتاندیانی لەسەر قوربانیگایەکە کەدرووستی کردبوو. خودا دوایی بە یاسایەکەی خۆی نەهێنابوو کە دەفەرموێ: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانییەکان ٩: ٢٢) لە کاتێکدا کە لافاوە گەورەکە زۆربەی گوناهبارانی لەسەر ڕووی زەوی لەناو برد، بەڵام ڕەگی گوناه کە لەناو دڵی نەوەکانی ئادەم مابووەوە لەناو نەبرد. لەبەر ئەوە نوح و نەوەکەی دەبوایە بەردەوام بن لە قوربانی پێشکەش کردن لەباتی گوناه بۆ خودا. هەروەك بینیمان، قوربانی کردنی ئاوهای ئاژەڵ بنەمای ڕێگای ڕزگاربوون بووە کە خودا ڕایگەیاندووە. ئەو ئاژەڵانەی کە باپیرانمان سەریان بریوە (کوشتویانەتەوە) کاتی خۆی، هێمایێك یاخود نیشاندەرێك بوونە بۆ ئەو ڕزگاری دەرەی کە دەبوایە بێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی خوێنی خۆی بڕێژێ لە پێناو دانەوەی قەردی گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم. لەبەر ئەوش، کاتێ نوح کەشتییەکەی بەجێ هێشت، یەکەم شت کردی ڕشتنی خوێنی ئاژەڵ بوو، و بەو شتە نیشانی منداڵەکانی و نەوەکانی دا کە یاساکانی خودا نەگۆڕاون – کە کرێی گوناه مردنە (ڕۆما ٦: ٢٣) و لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانییەکان ٩: ٢٢)

لەبەر ئەوە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: جا خوداوەند بە بۆنەکە ڕەزامەند بوو... خودا نوح و کوڕەکانی بەرەکەتدار کرد و پێی فەرموون: بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن... من پەیمانی خۆم لەگەڵ ئێوە دەچەسپێنم، هەرگیز جارێکی دیکە، هەرچی لەش هەیە بە ئاوی لافاو لەناو ناچێت. هەرگیز جارێکی دیکە لافاو نابێت زەوی وێران بکات.) ئەمەیە نیشانەی ئەو پەیمانەی لە نێوان خۆم و ئێوە و گشت ئەو گیاندارانەی لەگەڵتاندان دەیبەستم، پەیمانێکە بۆ گشت نەوەکانی داهاتوو. [١٣] وا پەلکەزێڕینەی خۆم لە هەورەکاندا داناوە، ئەوەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و زەوی. [١٤] جا هەر کاتێک هەورم بەسەر زەویدا هێنا و پەلکەزێڕینە لە هەورەکاندا دەرکەوت، [١٥] پەیمانەکەم لە نێوان خۆم و ئێوە و هەموو گیانێکی زیندوو لە هەموو جۆرێک دێتەوە یاد. هەرگیز جارێکی دیکە ئاو لافاوێکی وا دروست ناکات کە هەموو ژیانێک لەناو ببات. (پەیدابوون ٨: ٢١، ٩: ١، ٩، ١١–١٥)

لەم ئایەتانەی ئێستا خوێندمانەوە، ووشەیێك هەیە کە خودا پێنج جار دووبارەی کردەوە بۆ نوح. ووشەکە ئەمەیە (پەیمان) لە ووشەی خودا، پەیمان بەڵێنێکی تایبەتییە لەلایەن خوداوە بە مرۆڤی دەدا. خودا پارێزەری پەیمانەکانە. خودا دڵسۆزە، و دەیەوێ دڵسۆزی خۆی بەنەوەکانی ئادەم پشان بدات! لەبەر ئەوە خودا بە چاکی خۆی، پەیمانێکی بەستا لەگەڵ نوح و نەوەکانی و فەرمووی: (هەرگیز جارێکی دیکە، هەرچی لەش هەیە بە ئاوی لافاو لەناو ناچێت. هەرگیز جارێکی دیکە لافاو نابێت زەوی وێران بکات.) ئەمە بەڵێنی خودا بوو. و نەك تەنها بەڵێنەکەی بەبەستێتەوە بە ووشە، بەڵکو بێ گوومانی کرد بە دانانی پەلکەزێڕینەکەی لە ئاسمان.

دەزانی ئەو پەلکەزێڕینەیە لە ئاسمان دەیبینین هەندێ جار لەپاش باران نیشانەیێکە کە دڵسۆزی خودا ڕادەگەیێنێ؟ هەموو جارێك کە پەلکەزێڕینە دەبینین لەنێوان هەورەکان، خودا دەیەوێ دڵسۆزی خۆیمان بەبیر بێنێتەوە کە لەنەوەیێکەوە بۆ نەوەیێکی تر دەمینێ. خودا پەلکەزێڕینەی لەنێوان هەورەکاندا داناوە بۆ ئەوەی پەیمانەکەی جێگیر بکات کە بەڵێنی دا جارێکی تر ئاوەکان نەبنە لافاو و ژیان لەناو بەرن. بەڕاستی، خودا پارێزەری پەیمانەکانە! خودا دڵسۆزە!

سەبارەت بە ژیانی پاشتری نوح، شتی تر هەیە کە باس بکرێت. دەتوانن بیخوێننەوە لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون، بەشی نۆیەم. دەبینن کە لەپاش لافاوەکە، نوح ٣٥٠ ساڵی تر ژیا، و کاتێ زۆر پیربوو بەرو لای پەروەردگار چوو لە ئاسمان. بەکورتی، ڕەنگە

بتوانین بە پرسیارێك یان دوو ووشەکانمان کۆتایی پیێ بێنین سەبارەت بە پێغەمبەری خودا نوح. جیاوازی چی بوو لەنێوان نوح و خەڵکی ئەو کاتە؟ نوح چی ئەنجام دا بۆ ئەوەی دڵی خودا خۆش بکات؟ تەنها یەك شتی ئەنجام دا. نوح باوەڕی بە ووشەی خودا هێنا. لەبەر ئەوەش بوو نوح لەناو نەچوو لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئەو کاتەی دا. با بزانین خودا خۆی گەواهی چی داوە سەبارەت بە نوح: بە باوەڕ نوح، سەبارەت بەوەی هێشتا نابینرێت ئاگادار کرایەوە، ترسا، کەشتییەکی بنیاد نا بۆ ڕزگاری ماڵەکەی. بە باوەڕ جیهانی حوکم دا و میراتگری ڕاستودروستییەکە کە بەگوێرەی باوەڕ بووە. بەڵام بێ باوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت. (عیبرانیەکان ١١: ٧، ٦)

دوو شت هەیە کە دەبێت لەبیرمان بیپارێزین. تائێستا سەرنجی یەکێکیانمان داوە. چی وای لە نوح کرد خودا دڵ خۆش بکات؟ باوەڕەکەی. نوح باوەڕی بەخودا کرد، و باوەڕی بە قسەی خودا کرد. نوح متمانەی بە پەروەردگار هەبوو و بەگوێی ووشەی کرد تەنانەت کاتێ هەموو ئەوانەی دەورپشتی ڕەتیان کردەوە. هەر لەبەر باوەڕی نوح بوو کە خودا ڕزگاری کرد لەو نەوە خراپەکارەی کە تییادا دەژیا. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە قسەی خودا هەیە؟ ویستی خودا بۆ هەریەك لە ئێمە ئەوەیە کە باوەڕ بە ووشەی بێنین وەك نوح.

دووەم شت کە دەبێت لەیادی نەکەین لە چیرۆکی نوح تەنانەت زۆر گرنگترە لە باوەڕی نوح. دەزانی ئەوە چییە؟ ئەوە دڵسۆزی خودایە. بۆچی دڵسۆزی خودا گرنگترە لە باوەڕی نوح؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر خودا دڵسۆز نەبێت و بەڵێن و پەیمانەکانی نەپارێزێ، ئەوا باوەڕەکەی نوح هەیبوو بێ سوود دەبوو. هەموومان دەزانین چی ڕوودەدات کاتێ متمانەی خۆمان بەکەسێك دەدەین کە بەڵێنی خۆی بەجێ ناگەێنێ. با بڵێین برادەرێکت بەڵێنت پێدەدات و دەڵێت: (سبەی یەك فەردە برنجت بۆ دێنم.) بڕوای پێ دەکەی، چوونکە باوەڕی پێ دەکەی. ئەی باشە چی ڕوودەدات ئەگەر نەیهێنا؟ ئەوا نائومێد دەبێت ڕەنگە تورەش بیت! ئەو باوەڕەی بە برادەرەکەت هەبوو بێ سوود بوو. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی برادەرەکەت بەڵێنەکەی بەجێ نەگەیاند. تۆ متمانەت بە کەسێکی نادڵسۆز کرد.

ئاوا نییە لەگەڵ خودا. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەگەر دڵسۆز نەبین، ئەو هەر بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە، چونکە ناتوانێت نکۆڵی لە خۆی بکات. (٢ تیمۆساوس ٢: ١٣) هەموو مرۆڤێک وەک گژوگیا وایە و هەموو شکۆیەکەی وەک گوڵی دەشت وایە. گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام وشەی خوداوند تاهەتایە دەمێنێت....ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێ شەرمەزار نابێ! (١ پەترۆس ١: ٢٤–٢٥ و ٢: ٦) بەڵێ، خودا دڵسۆزە. (١ کۆرنسۆس ١: ٩) بەڵێنی خۆی دێنێتە دی!


لە چیرۆکی نوح بەڕوونی دەبینین کە خودا هەموو بەڵێنەکانی هێنایە دی. خوێندمانەوە چۆن خودا هەموو ئەوانەی ناو کەشتییەکەی ڕزگار کرد و دادوەری هەموو کەسێکی کرد کە لە دەرەوە بوو، هەروەك بەڵێنی دابوو. هەروەها زانیمان چۆن خودا لە گوناهەکانی نوح خۆش بوو لەبەر ئەوەی خوێنی ئاژەڵێکی پێشکەش کرد بە خودا وەك قوربانی، هەروەك خودا فەرمانی پێ دابوو. هەروەها فێربووین چۆن خودا پەلکەزێڕینەی لەنێو هەورەکاندا دانا بۆ ئەوە نوح و هەموو خەڵك لەیادیان نەچێت کە خودا دڵسۆزە.

ئەگەر هەموو شتێکتان لەیاد کرد لەوەی ئەم وانە، یەك شت لەیاد نەکەن: خودا دڵسۆزە! ناتوانێ لە ووشەی خۆی پەشیمان بێتەوە. خودا بەڵێنەکانی دێنێتە دی، هەرچەندە گەر وا پێدەچوو هێواشە لەو شتە. خودا دڵسۆزە....ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێ شەرمەزار نابێ. دەبا باوەڕی پێ بێنین و ووشەی وەربگرین بەسەرشۆڕیەوە. دەبا سوود لە چیرۆکی پێغەمبەر نوح و لافاوە گەورەکە وەربگرین — لاسایی نوح بکەین کە باوەڕی بەووشەی خودا هێنا لە کاتێکدا هەموو ئەوانەی دەورووپشتی باوەڕیان نەهێنا و لەناوچوون.

بۆ وانەی داهاتووماندا دەبینین چی بەسەر نەوەی نوح هات و فێری ئەوە دەبین ئەو هەموو زمانانەی جیهان لە کوێوە هاتوون.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ ئەم ڕاستییەی ووشەی بەبیرت دێتەوە:

(خودا دڵسۆزە....ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێ شەرمەزار نابێ.) (١ کۆرنسۆس ١: ٩ و ١ پەترۆس ٢: ٦)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئەی چی بەسەر ئەوانەی ناو کەشتییەکە هات؟ ئایا خودا نوح و خێزانەکەی لەیاد کرد؟

٢. ئایا خوێندنتەوە یەکەم شت چی بوو نوح ئەنجامی دا؟

٣. دەزانی ئەو پەلکەزێڕینەیە لە ئاسمان دەیبینین هەندێ جار لەپاش باران نیشانەێیکە کە دڵسۆزی خودا ڕادەگەیێنێ؟

٤. جیاوازی چی بوو لەنێوان نوح و خەڵکی ئەو کاتە؟ نوح چی ئەنجام دا بۆ ئەوەی دڵی خودا خۆش بکات؟

٥. چی وای لە نوح کرد خودا دڵ خۆش بکات؟

٦. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە قسەی خودا هەیە؟

٧. بۆچی دڵسۆزی خودا گرنگترە لە باوەڕی نوح؟

٨. چی ڕوودەدات ئەگەر نەیهێنا؟ بۆچی؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com     www.rrdk.org